روونکردنەوەیک لە موف کۆمیتەوە

بۆ هاوریانی موف. بەرێزان ئێمە وەک موف کۆمیتە بەردەوامین لە هەوڵەکانی خۆمان بۆ کۆتای هێنانی دۆسەکەمان بۆماوەی دوو مانگ ئەبێت هەموو لایەک لە چاوەروانیدان و رۆژانە بیر هۆشتان لە لای ئەوەیە کەی ئەبێت ناوەکان بگەرێنەوە لە حوکومەتی هەرێمەوە یان هەندێک هەواڵ بڵاو کراوەتەوە دەربارەی گەرانەوەی ناوەکان یان ئەو فۆرمانەی کە نێردراون بۆ کوردستان .



لیرەدا دەمانەوێت وەک موف کۆمیتە ئاگادارتان بکەینەوە دەربارەی دواین هەوڵ و هەروەها پشت راستکردنەوەی ئەو هەوالانەی کە رۆژانە باسی لێ ئەکرێت .

دەربارەی پەیوەندی موف کۆمیتە لە گەڵ حوکومەتی هەرێم .

هەروەک هەموو لایەک ئەزانن کە موف کۆمیتە نوێنەی بەفەرمی هیە و لە کوردستان کە خانمێکی بەریزە بەناوی ( عەزیمە ) خانەوە زۆر بەسەرکەوتویانە کارەکانی راپەراندوە رۆژانە لە دوا کارەکانمانە .

لەلایەکی تروە ئێمە وەک موف کۆمیتە پەیوەندیمان لە گەڵ وەزارەتی ناوخۆی حوکومەتی هەرێم هەیەو دەربارەی چۆنیتی کارکردن لە کێسەکەدا . لەدوا پەیوەندی لەگەڵ هەرێمدا پیان راگەیاندین کە ئێستا بەشێکی زۆر لە ناوەکان بەدوا چونی بۆ کراوە رەوانەی وەزارەتی ناو خۆ کراوەتەوە هەروەها پیان راگەیاندین هەندێک لە فۆرمەکان رەوانەی کونسول خانەی نەرویج کراوەتەوە لە عەمان .

دەرباری پەیوەندی لە گەڵ بەرێوەبەرایەتی پەنابەران لە نەرویج واتا (ئودی )

رۆژی دوو شەمە بەرواری 2011/02/14

هەردوو لایەنی پەیوەندی دار بە کێسی موفەوە سێلف یەڵپ و موف کۆمیتە رۆژی دوو شەمە پەیوەندیمان کردوە بە (ئودی) دەربارەی گەرانەوەی فۆرمەکان بە بەشی موف لە بەرێوەبەرایەتی کۆچ و هەروەها بە بەشێ هاوتی پۆست لە دەروەی وڵات .

وەڵامی هەر دوو بەشەکە .

لە هەردوو بەشەکە پیان راگەیاندین کە تاکو ئەم کاتەش هیچ فۆرمێکیان بەدەست نە گیشتوە ئەوانیش وەک ئێمە لە چاوەروانیدان .

هەروەها ئەوەشیان رونکردەوە ئەگەر لە کاتێکدا فۆرمەکان رەوانەی عەمان کرابن ئەوا ماوەی دوو هەفتە ئەبات تاکو بگاتەوە وڵاتی نەرویج هۆیەکەیشی ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بە دوو هەفتە یەکجار پۆست لە عەمانەوە بەدەستمان ئەگات.

هاوریان ئێمە دوو بارە لەوە دڵنیاتان ئەکەینەوە کە بەردەوام لە هەوڵداندایین و هەر گۆران کاریەکیش بێت لە رێگای ئەم ماڵپەرەوە ئاگادارتانە ئەکەینەوە .

تکایە بەرێزان دەربارەی ئەم رونکردنەوەیە پەیوەندی تەلەفۆنی مەکەن ئەوەی راست و دروستی هەیە پیتان را ئەگەیەنین. هەروەها ئەو هەواڵانەی کە گوێ بیستی ئەبن لەدەروەی موف کۆمیتەو ماڵەبەرەکەوە بێ سەرچاوەیە داوا لەو کەسانە ئەکەین هەواڵ بڵا نەکەنەوە بێ بونی سەچاوە چونکە ئەبێتە هۆی دڵەراوکێ لای هەندێک لە هاوریکانتان ..

موف کۆمیتە 2011/02/16

Muf-k@hotmail.com

Muferne.com